# بزمارێکی بێ ئیش

خالید مەجید فەرەج

لەسەر ئەوشاشەی تەلەفیزۆنەوە بەشێوەیەک مافەکانی گەلی کوردی شیتەڵ ئەکردەوەو پێی لەسەر دوایین بستی خاکی کوردستان دائەگرت ودەسەڵات داری هوشیار ئەکردەوە لە مەغەبەتی مساوەمە لەسەر حقوقی کورد ،

لێرە نابێ ئەم مادەیەی دەستوری عێراق وابێ و ئالێرە ئەم برگەیە خەتەری هەیە بۆ سەرمان و ناکرێ چاوپۆشی لێبکرێ و ئەبێ چاوێکمان بکەین بەسەد چاوو گوێیەکیش بە هەزار تاوەکو هەموو حەرەکات و سەکەناتی بەرانبەرەکەمان ئاگاداربین ، بەتایبەتی ئێمەی گەلی کورد کە ساڵەهای ساڵ بەدەست رژێمێکی توتالیتاری قەومیەوە ئە مان نالان و نەک هەموو وولاتەکەی وێران کردبووین بەڵکو کەرامەتی بەشەریشی بۆ نەهێشتبوینەوە ،بۆیە ناکرێ و نابێ جارێکی تر دەسگا ئەمنی و عەسکەریەکانی عەرەب بەهیچ شێوەیەک لە کوردوستان تەواجودیان هەبێ، و ئەگەر بۆ مانۆریش بێ ئەبێ رەزای پارلەمانی کوردستانی لەسەر بێت ئەگینا بۆیان نیە پێ بخەنە ناو خاکی ئازیزی وولاتەوەو، بەشێوەیەک باسی لە مەغدوریەتی کوردی ئەکرد بەردی ئەکرد بە ئاو ، مەگەر کەسێک مسقاڵە زەرەیەک رەحمی خواو هەستی کوردایەتی لەدڵا نەبوایە ، ئەگینا ئەوەی گوێی لێ بوو چاوی پر ئەبوو لەئاو بەتایبەتی بەندە چونکە ئەوم بیرکەوتەوە کە چۆن برادەرە خۆشەویستەکەمیان لەبەر چاوی محافیز ( *ئەوەی لەبەر مەعیشەت بوو بەمحافیز و هەرلەبەر ئەو مەعیشەتەش چەپلەی بۆ تفەنگ چیەکان لێ ئەیا و ئافەرینی دەست راستی و نیشان پێکاندنی لێ ئەکردن)* گوللەباران کرد و خوشکودایک باوکە پیرەکەشیان رەوانەی بەندیخانە کرد ، هەڵسام بچم ماچێکی ئەو گوپەجوانانەی بکەم کە لەژێر رووناکی پلاجکتوری ستودێوکەدا شەوقی لە روومەتی هەموو شۆرشگێران بریبوو لەوەدا بووم بگەمە لای شاشەکەو بیرم کەوتەوە کورە خۆ ئەمە بەعسی بوو. لەوشەوەوە و تا ئێستاش هەر لەبیرکردنەوەدام ، ئەم لەبز شیرینە کورد پەروەرە ئەگەر وەتەن حەڵوایە و کوردیش ئەوەنە هەق خوراوەو ،لە ئێمەش زیاتر ئاگای لەو تاوانانەیە کە بەرانبەری گەلە ستەم دیدەکەی کراوە ، ئەی چۆن 20ساڵ بەعسێتی قبول کرد!